# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی نۆزدەیەم: زیندوو کردنەوەی زەوی مردوو

# الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب التاسع عشر: إحياء الموات

< kurdish - كردي - کوردی >


## دەستە بژێرێک لە زانایان

## نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# زیندوو كردنەوەی زەوی مردوو

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی كوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵەكان، جارێكی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی زیندوو كردنەوەی زەوی مردوو سێ بابەتتان بۆ باسدەكەین، بابەتی یەكەم : مەبەست لە زیندوو كردنەوەی زەوی مردوو و حوكمەكەی، بابەتی دووەم : مەرجەكانی زیندوو كردنەوەی زەوی مردوو، لەگەڵ ئەوەی پێ بەدەست دێت، بابەتی سێهەم : هەندێك حوكمی پەیوەست بە زیندوو كردنەوەی زەوی مردوو .

**بابەتی یەكەم : مەبەست لە زیندوو كردنەوەی زەوی مردوو و حوكمەكەی :**

**1-مەبەست لە زیندوو كردنەوەی زەوی مردوو :**

لە زمانەوانیدا مانای مردوو : ئەو شتەیە كە گیانی تێدا نەبێت، لێرەدا مەبەست پێی ئەو زەویانەیە كە ئاوەدان نەكراونەتەوە و نەكراون بە كشتوكاڵ وخاوەنیان نیە .

لە زاراوەی شەرعیشدا مەبەست لێی : ئەو زەویانەیە كە تایبەت نین بە كەسێكەوە وموڵكێكی مەعصومن، ئەویش ئەو زەویانە دەگرێتەوە كە كاولەن وموڵكی كەس نین، وە هیچ شوێنەواری ئاوەدانكردنەوە وبنیاتنانی بەسەرەوە نابینرێت، یان شوێنەواری موڵك وئاوەدانكردنەوەی بەسەرەوە دەبینرێت، بەڵام خاوەنی نیە و نازانرێت كێ خاوەنیەتی .

**2-حوكم وبەڵگەكانی :** ئەصڵ و بنەما لەم بابەتەدا، ئەو فەرموودەیەیە كە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) دەفەرموێت : **{ من أحيا أرضا ميتة فهي له، وليس لعرق ظالم حق }** [1] .

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (3073) وە تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (1378) ڕیوایەتیان كردووە،، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەكی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووكی ( الإرواء : فەرموودەی ژمارە (1551) .

واتا : هەر کەسێك زەویەکی مردووی زیندوو کردەوە، ئەوە بۆ خۆی دەبێت، وە بۆ هیچ کەسێکی تر نیە بێت ودرەختێکی تێدا بنێژێت، یان بیکات بە کشتوکاڵ وبیەوێت بەو شێوەیە بیکات بە موڵکی خۆی .

بێگومان زیندوو کردنەوەی زەویەکی مردوو کارێکی باش وچاکە، چونکە خەڵك و ئاژەڵیش پێویستیان پێیەتی و سوودی لێ دەبینن، لەم بارەیەشەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : { من أحيا أرضا ميتة فله فيها أجر، وما أكله العوافي فهو صدقة } [1] .

واتا : هەر کەسێك زەویەکی مردوو زیندوو بکاتەوە، ئەوا پاداشتی لەسەر وەردەگرێت، وە هەرکەسێك یان هەر ئاژەڵێك یان هەر باڵندەیەك لێی بخوات، خێر وصەدەقەیە .

**بابەتی دووەم : مەرجەکانی زیندوو کردنەوەی زەوی مردوو، لەگەڵ ئەوەی پێ بەدەست دێت :**

زیندوو کردنەوەی زەوی مردوو دوو مەرجی هەیە :-

**مەرجی یەکەم** : نابێت زەویەك زیندوو بکرێتەوە کە موڵك ومڵی موسڵمانێك بێت، جا ئەگەر هاتوو لەسەر موڵك ومڵی موسڵمانێك بوو، حەرامە دەستی بۆ ببرێت و زیندوو بکرێتەوە بەبێ ئیزن ومۆڵەتی شەرعی .

**مەرجی دووەم** : دەبێت ئەو کەسەی کە زەویەکە زیندوو دەکاتەوە دەبێت موسڵمان بێت، چونکە دروست نیە کەسێکی بێباوەڕ زەویەك لە وڵاتی موسڵماناندا زیندوو بکاتەوە .

**زیندوو کردنەوەی زەوی مردوو بە چەند شتێك بەدەست دێت :**

1- ئەگەر هاتوو پەرژینێك یان دیوار وحەوشەیەکی بەدەوری زەویەکەدا دروستکرد، ئەویش بەو شێوەیەی کە داب ونەریتی خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون، لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : { من أحاط حائطا على أرض فهي له } [2] .

واتا : هەرکەسێك پەرژینێك بەدەوری زەویەکدا دروست بکات، ئەوە بۆ ئەو دەبێت .

(1) دارەمی ڕیوایەتی کردووە (267/2)، وە ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردووە (313/3)، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی ( الإرواء : 4/6).

(2) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (3077) لە سەمرەی کوڕی جوندوبەوە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی ( الإرواء : فەرموودەی ژمارە (1554) .

2- ئەگەر هاتوو بیرێك لە زەویەكی مردوودا هەڵكەنرا وگەیشتە ئاو، ئەوا بە زیندوو كردنەوە دادەنرێت، خۆ ئەگەر هاتوو بیرەكە نەگەیشتە ئاو، ئەوا ئەو كەسەی كە بیرەكەی هەڵكەندووە لە پێشترە لەكەسانی تر، هەروەها ئەگەر جۆگەلەیەكیشی بۆ هێنایەوە، هەر بە زیندوو كردنەوە دادەنرێت .

3- ئەگەر هاتوو بە شێوەیەك لە شێوەكان، ئاو گەیەنرایە زەویەكی مردوو، جا بە جۆگەلە هەڵگرتنەوە بێت، یان بە بیر لێدان بێت، یان بە هێنانەوەی ئاوی ڕووبار بێت، ئەوە بە زیندوو كردنەوەی ئەو زەویە دەژمێررێت .

4- ئەگەر هاتوو درەختێكی ناشت، یان لە پێشتر بۆ كشتوكاڵ نەدەشا، بەڵام ئەو هات زەویەكەی خاوێن كردەوە و دار ودرەختی تێدا ناشت، یان كردی بە كشتوكاڵ، ئەوا ئەو زەویەی زیندوو كردوەتەوە .

5- هەندێك لە زانایانیش ووتویانە : زیندوو كردنەوەی زەوی تەنها لەسەر ئەو بابەتانەی سەرەوە نەوەستاوە، بەڵكو لەسەر داب ونەریتی خەڵكی خۆیان وەستاوە، جا ئەگەر هاتوو هەر كارێك خەڵكی بە زیندوو كردنەوەی زەوی دانا، ئەوا ئەو زەویە زیندوو كراوەتەوە، وە ئەگەر هاتوو خەڵكیش بە زیندوو كردنەوەیان نەزانی ئەوا ئەو زەویە زیندوو نەكراوەتەوە .

**بابەتی سێهەم : هەندێک حوکمی پەیوەست بە زیندوو کردنەوەی زەوی مردوو : -**

1- هەركەسێك شتێكی لە زەویەكی مردوو زیندوو كردەوە، ئەوا دەبێت بە موڵكی خۆی، بە بەڵگەی گشتگیری ئەو فەرموودانەی كە باسكران، یەكێك لەو فەرموودانەی كە ئاماژەمان پێدا، ئەو فەرموودەیە بوو كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموو بووی : { من أحاط حائطا على أرض فهي له } [1] .

واتا : هەركەسێك پەرژینێك بەدەوری زەویەكدا دروست بكات، ئەوە بۆ ئەو دەبێت .

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (3077) لە سەمرەی كوڕی جوندوبەوە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەكی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووكی ( الإرواء : فەرموودەی ژمارە (1554) .

2- پاشکۆی ئەو زەویانەی کە زیندوو کراونەتەوە، بە زیندوو کردنەوە نابێت بە موڵکی کەسێکی تر، واتا : ئەگەر کەسێك پارچە زەویەکی هەبوو کردبووی بە کشتوکاڵ بەڵام پاڕەوویەکی هێشتبووە بۆ هاتووچۆ کردن، دروست نیە کەسێکی تر بێت وبڵێت من ئەو پاڕەوە زیندوو دەکەمەوە ودەیکەم بە کشتوکاڵ و موڵکی خۆم، چونکە خاوەنی زەویە زیندوو کراوەکە لە پێشترە بە کەسانی تر .

3- پێشەوا و ئیمامی موسڵمانان مافی ئەوەی هەیە زەوی مردوو بدات بە کەسێك بۆ ئەوەی زیندووی بکاتەوە وبێکات بە کشتوکاڵ و ئاوەدانی بکاتەوە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە وائلی کوڕی حوجر ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { أن النبي (صلى الله عليه وسلم) أقطعه أرضا بحضرموت } [1] .

واتا : کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پارچە زەویەکی لە حەزرەمەوت لە یەمەن دا بە وائل بۆ ئەوەی زیندووی بکاتەوە .

4- دروستە کە پێشەوا و ئیمامی موسڵمانان پارچە زەویەکی مردوو لەبەر ئالیك وگژو گیاکەی تایبەت بکات بۆ ئەسپ و ووڵاخی موجاهیدین وئەو ئاژەڵ و ووشترانەش کە لە کاتی زەکات وەرگرتندا لە موسڵمانان وەردەگیرێن، ئەگەر هاتوو پێویستی کرد و هیچ زەرەرو زیانێکیشی نەبوو بۆ موسڵمانان، بێگومان کارێکی لەو شێوەیەش مافی هیچ کەسێك نیە جگە لە پێشەوای موسڵمانان، چونکە ئەو باش ئاگاداری بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیانە، صەعبی کوڕی جوثامە فەرموودەیەکی ڕیوایەت کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { لا حمى إلا لله ولرسوله } [2] .

واتا : جگە خوا و پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، هیچ کەسێك ناتوانێت زەویەك بکات بە پاوەن وقەدەغەی بکات لە خەڵکانی تر .

(1) تیرمذي بەفەرموودەی ژمارە (1381) ڕیوایەتی کردووە، وە ووتویەتی : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەنە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی صحيح سنن الترمذى فەرموودەی ژمارە (1116).

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2370) ڕیوایەتی کردووە .

مەبەست پێی ئەوەیە زەویەكی مردوو بكات بە لەوەڕگای ئاژەڵ وولاخ، و قەدەغەی بكات لە خەڵكی كە ئاژەڵ و وولاخەكانیانی تێدا بلەوەڕێنن .

[لەخوای گەورە و میهرەبان داواكارین خاك و وڵاتمان ئاوەدان بكاتەوە، و بەرەكەت بخاتە ڕزق وڕۆزی هەموو لایەكەوە] وەرگێڕ

وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم